جیهان بوو. ((سیستم))ی ئەو لەکاتی خۆیدا ئیلهامی بە سیستەم سازانی گەورەی فەلسەفی بەخشی. بەڵام فەلسەفەی سەرەتایی دەبوایە سەرنجی زۆر نزیکتری بەشۆڕشی زاستی بدایە کە لەسەردەمی لایبنتزدا ئارادەیەک کەوتبوە جموجۆڵ. سیستەمی مۆنادناسی لایبنتز بەشێوەی خۆی وەڵامێکی فەلسەفی بۆ سیستەمی زانستی هەمەلایەنە بوو، کە نیوتن کەمتر لەسێ دەیە پێشتر بە دۆزینەوەی کێشکردن دایمەزراندبوو.

یاریبهر بەشێکی گرنگی تری لایبنتز بوو لەبواری لۆژیکدا. ئەمە یەکەمین پێشکەوتنی بەرچاوی لۆژیکە لەسەردەمی ئەرەستۆدا بەدەستهات. بەداخەوە لایبنتز زۆر ستایشی ئەرەستۆی دەکردو لەودا یەکێ لە هەموو شتزانانی تاک و تەرای بەرزتر لەخۆی بەدرێژایی مێژوو دەبینی. لایبنتز قبوڵیدەکرد کە پتر ئەو سکۆلاستیکەی سەدەکانی ناوەڕاست کە لە ئەرەستۆ وە وەرگیراوە ئێستا (لە دوای دوو هەزارە) شتێکی بێکەڵکە. بەڵام وەکو بڵێی بەئەرکی دەزانی ڕێز لە (لۆژیک)ەکەی ئەرەستۆ بنرێت. لەهەر شوێنێ کە ئەنجامگیرییەکانی جیاوازییەکی بنەڕەتییان لەگەڵ ئەرەستۆ دا هەبووایە چارەیەکی بەدەر لەم هەستە نەبوو کە شوێنێک لە بەڵگاندنەکەی ئەو دەبێت کەموکوڕییەکی شاراوە بێت، خاڵێکی جوان کە ئەو ئاماژەی پێ نەکردووە. کەسانی تر، جەخت ئاساتر ئەمەیان بەشتێکی بێمانا دەزانی. ئەوان باوەڕیانوابوو کە لەراستیدا ئەو ترسی لە تووشبوونی بەرپەرچدانەوەی باس و وتوێژێکی هەمەلایەنە هەیە، لۆژیکی ئەرەستۆ هێشتا فێرگەی فەرمی کڵێسا بوو. نکۆڵیکردنی لەوە کۆتایی بەتەمەنی کاری دیپلۆماسی ئەو دەهێناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و هزرییەکانیشی لەگەڵ شازادە خانمەکان و فەرمانڕەوایانی سەراپای ئەوروپا تێکدەدا.

